# تاریکی ئاینده "هەڵبژاردن" لە کوردستان وا هەر لە ئیستاوە دیارە.

**شەمال علی**

گرتن و زیندانی کردن وکوشتار لەسەر هەڵسوڕانی سیاسی لە لایەن هەردوو حیزبی دەسەلاتداری پارتی و یەکیتی نە تازەیە ونە عەجایب. 13 ساڵی ڕابردووی دەسەلاتی هەردوو حیزب پڕ بوون لە نموونە وفاکت سەبارەت بە چیکلدانە تەنگی و سەرکوتگەری ئەم دوو حیزبە. بەلام ئەوەی لەم ڕۆژانەدا مومارەسە دەکرێت پەیامەکەی هەندێك تایبەتمەندی هەیە. ئەم پەیامە دەلیت نەکەن باوەڕ بە قسە وریکلامی هەڵمەتی "هەڵبژاردن" بکەن. دەرکردنی لیستی هاوبەش ودابەشکردنی کورسی‌یەکانی پەرلەمانی داهاتوو هەر لە ئیستاوە بڕیارنی‌یە هیچ ئالوگۆڕێك بەدی بهێنێت. ئەگەر کەسیك لە بازیان پیی وایە دەتوانیت لە ناوچەی دەسەلاتی یەکێتی پارتی بیت وبێ عارەق لێی دەرچی دەبێ هەر لۆمەی خۆی بکات. ئەگەر خەڵکی (دۆشیوان) و(سەرمەزران)* ی لای هەولیر پێیان وایە دەتوانن یەکێتی بن و لە ژیر سیبەری پارتی ئاسودە بژین زۆر هەڵەن. با ڕۆشن بێت... ئایندەی ئەم هەڵبژاردنە لە ڕابردووی خراپتر نەبێت باشتر نابیت، هەرکەس باوەڕیە بە دەمج کردنی ئیدارە وکۆتایی هینانی سیستەمی حیزبۆکراتی ئیستای کوردستان دوای هەڵبژاردن هیناوە، هەلەیە وزۆریش هەڵەیە. ئەنجامی هەڵبژاردن جگە لە ڕەسمیەت بەخشین بە واقعی سیاسی ئیستا ودەسەلاتی موتلەقی پارتی ویەکیتی ، مەگەر شەڕی ناوخۆ دەنا هیچی تر نابیت.

---

* بۆ خویندنەوەی خروقاتەکانی پارتی و یەکیتی لە هەلمەتی هەلبژارندا بروانە هاولاتی 207